# عێراق یان کوردستان؟

حەمەسەعید حەسەن

لە سوێد، لە ١٤ی سێپتێمبەری ٢٠٠٣ دا، ڕاپرسی بۆ ئەوە دەکرێت، ئایا سوێد بچێتە نێو یەکێتیی دراوی ئەورووپاییەوە یان نا؟ بە دەربڕینێکی ئاسان: ئایا دراوی سوێدی لە کرۆنەوە ببێتە یۆرۆ یان نا؟ نەک تەنیا هاووڵاتیانی سوێد بەڵکوو هەموو ئەو بێگانە و پەنابەرانەشی مۆڵەتی لە سوێددا مانەوەیان هەیە، بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەو کێشەیە، مافی دەنگدانیان هەیە.

گومان هەڵناگرێت، دیاریکردنی چارەنووسی میللەتێک، لە لایەن خودی میللەتەکەوە، زۆر لە گۆڕینی دراوی وڵاتێک گرنگترە، بۆیە ئەوە مافێکی ڕەوای خەڵکی کوردستانی باشوورە، بۆ دەستنیشانکردنی چارەنووسیان، پرسیان پێ بکرێت و پەرلەمانی کوردستان هەقی ئەوەی نییە لەو بوارەدا، لە بری دانیشتووانی باشووری کوردستان بڕیار بدات.

ماوەیەکە پەرلەمانی کوردستان، بە کاومخۆ خەریکی ئامادەکارییە بۆ هەڵبژاردنێکی نوێ کە هیوادارم چی زووترە، ئەنجام بدرێت. پێویستە هەڵبژاردنی داهاتوو، تەنیا بۆ ئەوە نەبێت، کە خەڵکی کوردستان نوێنەرانی خۆیان بۆ پەرلەمان هەڵبژێرن، بەڵکوو هاوزەمان بۆ ئەوەش بێت، ئایا هاووڵاتییانی باشووری کوردستان، خوازیاری عێراقێکی فیدراڵن، یان کوردستانێکی سەربەخۆ؟

پرسکردن بە خەڵکی کوردستان، بۆ دیاریکردنی چارەنووسیان، مافێکی بنەڕەتی خۆیانە و هیچ لایەنێکی ناوخۆ، یان هێزێکی دەرەکی، نە بۆی هەیە، ئەو مافەیان لێ زەوت بکات، نە ئەگەر ئاسانکارییەکیشی بۆ ئەو ڕاپرسییە کرد، منەتیان بەسەردا بکات.

2003. 08. 12